# میوانی گۆشە

# چاندنی گورچیلە

## Renal Transplantation

چاوپێکەوتنی: دیاری فەریدون

پ١/ چاندنی گورچیلە چییە؟

و/ گواستنەوە یان بەخشینی گورچیلەیەك لە كەسێك تەندروستی باش بێت بۆ ئەو كەسەی كە گورچیلەكانی لەكار كەوتبێت, ئەویش دوو جۆر بەخشینە :

١-لە كەسێكی ساغەوە.

٢-ئەو كەسانەی بە كارەساتێكی دڵ تەزێن ئەمرن وەك ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل یان هەر ڕوداوێكی تر, لەوكاتەدا ئەتوانرێت گوچیلەكان ببەخشرێت.

پ٢/ لە چ كاتێكدا پێویستە؟

و/ لەو كاتانەدا پێویستە كە گورچیلەكانی نەخۆش بەهۆی چەند نەخۆشیەكەوە دووچاری سستی و لەكاركەوتن ئەبێت.

پ٣/ ئایا هەموو كەسێك ئەتوانێت گورچیلە ببەخشێت بۆ ئەو كەسەی كە پێویستیەتی؟

و/ نەخێر نابێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١-ئەبێت ئەو كەسەی كە گورچیلە ئەبەخشێت هەڵگری ڤایرۆس نەبێت.

٢-ئەبێت نەخۆشییەكانی كۆئەندامی بەرگری (Immune system) نەبێت.



د.ئیسماعیل حەمەئەمین
پسپۆری نەخۆشییەکانی گورچیلە
مامۆستای کۆلیژی پزیشکی

٣-گورچیلەكانی نەخۆشی زكماكیان نەبێت.

٥-تەمەنی لە(١٨-٦٠) ساڵ تێپەڕ نەكات بۆ ئەو كەسەی گۆرچیلەی ئەدرێتێ وە نابێت زۆر لە كەس و كاری نەخۆشەكە بكرێت بۆ بەخشینی گورچیلە , وە هەست و سۆزی نەخۆشەكە زۆر پتەوو ڕاوەستاو بێت.

٦-ئەبێت ئەو كەسەی گورچیلە ئەبەخشێت هاوشێوەی شانەیی (Simillar tissue) هەبێ لە سیستەمی بەرگریدا , تاد.

پ٤/ ئەم نەشتەرگەریە لە هەرێمی كوردستاندا كراوە؟

و/ نەخێر نەكراوە.

پ٥/ بۆچی؟

و/ بوونی ئابلۆقە لەساڵانی پێشودا لەسەر هەرێمی كوردستان و نەناردنی ئامێری تایبەت بەچاندنی گورچیلە بۆ كوردستان وەك :

١-ئامێری تایبەت بۆ شیكاری گورچیلە لە تاقیگەدا.

٢- نە ناردنی ئەو دەرمانانەی كە لە پێش نەشتەرگەری ئەدرێ بە نەخۆش.

پ٦/ چ ڕێنماییەكت بۆ نەخۆش هەیە پێش نەشتەرگەری و دوای نەشتەرگەری ؟

و/ ئامادەكردنی نەخۆش بۆ نەشتەرگەری پێویستی بە زۆر جۆرتاقیكردنەوە ئەبێت وەك :

١- پشكنینی خوێن.

٢-گرتنی سۆنەر.

٣-گرتنی ئێکسبەرداری رەنگاڵەی کۆئەندامی میز.

نەهێشتنی سۆی درێژخایەن لەناو لەشی نەخۆشەکەدا و پاککردنەوەی خوێنی نەخۆشەکە لە پاشەڕۆی هەرس کە بەهۆی سست بونی گورچیلەوە کەڵەکە ئەبێت. ئەمەش بەهۆی شۆردنی خوێنینەخۆشەکە بۆ ئەوەی بەرگەی نەشتەرگەریەکە بگرێت.

پ٧/ ڕێنماییتان بۆ کەس وکاری نەخۆشەکە پاش نەشتەرگەری چییە ؟

پاش نەشتەرگەری ئەبێت نەخۆش گوێڕایەڵی پزیشکی تایبەتی خۆی بێت لە باری تەندروستی گشتی و ئەبێت کەس و کاری کەمتر سەردانی بکەن. چونکە نەخۆشەکە بەرگری کەمەو تووشی نەخۆشی ئەبێت, چونکە بەشێك لە چارەسەر دەرمانی تایبەت وەرئەگرێت بۆ ئەوەی لەش گورچیلەکە نەگەرێنێتە دواوە و لەگەڵیدا رابێت . هەروەها بە ڕێك و پێکی پەیرەوی تاقیکردنەوەکان بکات.